# وازنامه

هاوڕێیانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چه‌پی عێراق
وێڕای ڕێز و سڵاوم بۆتان

ده‌مه‌وێت به‌م نامه‌یه پچڕاندنی په‌یوه‌ندییه ته‌شکیلاتییه‌کانم له‌گه‌ڵتاندا و له هه‌موو ڕوویه‌که‌وه ڕابگه‌یه‌نم . له ڕۆژی گه‌یشتنی ئه‌م نامه‌یه به ده‌ستتان و بڵاو بوونه‌وه‌ی له سایتی " ده‌نگه‌کان " دا , ئیتر من چ وه‌ك ئه‌ندامی هه‌یئه‌ی ته‌نفیزی و چ وه‌ك به‌ڕێوه‌به‌ری نووسینی ڕۆژنامه‌ی " به‌ره و سۆشیالیزم " و چ وه‌ك ئه‌ندامی ده‌سته‌ی دامه‌زرێنه‌ری حزب , هه‌موو جۆره په‌یوه‌ندییه‌کی ته‌شکیلاتیم له‌گه‌ڵتاندا ده‌بڕڕێت و کۆتایی به ئه‌ندامیه‌تی من دێت له حزبه‌که‌تاندا . له ڕاستیدا بڕیاره‌که‌م , بڕیارێکی فکری و سیاسی و ته‌شکیلاتی یه و هیچ په‌یوه‌ندییه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی دوور و نزیك له که‌م و زۆر سه‌باره‌ت به ئه‌ندامانی حزبه‌که له خۆ ناگرێت . بڕیاره‌که‌م له نه‌هاتنه‌وه‌ی پێکهاتنی حزب و سیستمی ناوه‌کییانه‌ی کار کردنیه‌وه بۆ دامه‌زراندنی کۆمه‌ڵگای سۆشیالیستیی ڕاگوزار , سه‌رچاوه ده‌گرێت . حزبه‌که‌مان وه‌کو هه‌موو حزبێکی تری به ناو بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی , به حزبی بزووتنه‌وه‌ی سۆشیالیستیی خه‌یاڵیی ده‌ناسم .

ناتوانم له‌گه‌ڵ حزبێکدا کاری سیاسی و ته‌شکیلاتی ببه‌مه پێشه‌وه که ئازادی ئه‌ندامان و یه‌کسانی له ده‌سه‌ڵاتدا به فه‌رمی نه‌ناسێت .

من چۆن له دامه‌زراندنی حزبدا ده‌ستم گوشییوون , ئاواش له ماڵ ئاوایی کردنی کاری ته‌شکیلاتیم له‌گه‌ڵتاندا , دیسانه‌وه ده‌ستتان ده‌گوشم . جگه له دابڕانی ته‌شکیلاتییم له‌گه‌ڵتاندا , ته‌نیا دوو شتێکی تر که هه‌مبێت بۆتان , ڕێزی زۆر و سڵاوی گه‌رمه بۆ یه‌ك به یه‌کتان .

**بژاری شاعیر** 2006-03-13